
# فۆرلان: نیگەرانم بە نەگەیشتنی

چانسی دیگۆ فۆرلان لە کۆتاییەکانی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا ٢٠١٠ زۆر باش و بێسنوور بوو ئاستی درێسی ژمارە ١٠ لە هەڵبژاردەی ئۆرگوای زۆر بەرز بوو، چەندین گۆڵی چارەنووسسازی تۆمارکرد و توانی لە کۆتایی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا خەڵاتی تۆپی زێڕین ئەدیداس وەربگرێ، کە بۆ باشترین یاریزان لەو پاڵەوانیتیە تەرخانکرابوو، هێرشبەری سلیستی دەبێتە چوارەمین یاریزان لە ئەمریکای باشوور ئەم خەڵاتە بە نرخە وەربگرێ، دوای ئەرژەنتینی دیگۆ مارادۆنا لە ١٩٨٦ و هەردوو یاریزانی بەرازیلی رۆماریۆ لە ١٩٩٤ و رۆناڵدۆ ١٩٩٨، ئەمەو فۆرلان دوای وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دیمانەی لەگەڵ ماڵپەری فیفا ئەنجامدا.



*** هەستت بەچیکرد کە خەڵاتی تۆپی زێڕینیت وەرگرت؟**

- کارێکی سەرسوڕهێنەر و چاوەڕواننەکراو بوو و پێشتر بیرم لەو شتە نەکردبووەوە و هیچ لە بیر و هۆشم نەبوو، بەڵام متمانەم بەخۆم هەبوو، کە رکابەری لەسەر ئەم خەڵاتە بکەم لەبەر ئەوەی یاریزانی هێرشبەر بووم و خۆشحاڵ بووم بەو دەستکەوتە مێژووییە، ئەمەش یەکێکە لە بەرووبوومی ماندووبوونی ئەم تیپە لە جامی جیهانی.

*** چۆن ئەو هەواڵەت زانی؟**

- لەو کاتەی، کە زانیم ناوم لە لیستی رکابەرەکان هەیە و لە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بووم و دڵنیا نەبووم تا نامەیەکم لە هاوڕێیەکم پێگەیشت لە بوینس ئایرس پیرۆزبایی لێکردم و وتی خەڵاتی تۆپی زێڕت وەرگرت، دواتر بریکاری کارەکانم بە تەلەفۆن پێوەندی پێوەکردم و پێی راگەیاندم و دواتر چەندین تەلەفۆنی پیرۆزباییم بۆ هات و منیان لەسەر شانی خۆیان دانە تا کافتریا.

*** ئەمە کارێکی سرووشتیە، چونکە خەڵاتەکەت کردە دیاری بۆیان؟**



# وڵاتەکەم بۆ یاری کۆتایی مۆندیال



- کارێکی دڵخۆشکەر بوو هەموویان هاتنە ژووری من بۆ پیرۆزبایی، ئەمە ئاواتی گشت یاریزانان و گەلی ئۆرگوای بوو و خۆشحاڵم، کە توانیم ئەم متمانەیە لەم پارچە زەوییە بگەڕێنمەوە بۆ وڵاتەکەم، لێرەوە دەمەوێ ڕۆڵی یاریزانە یەدەگەکان بەرز بنرخێنم، چونکە ئەوانە نەوەی دواڕۆژن، ئەم خەڵاتەش خەڵاتی ئەوانە.

*** لە لەخۆبایی بوون ناترسیت دوای ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییە؟**

- زۆر نازناوی دیکەم وەرگرتووە لە ژیانی وەرزشیم و بە هەموویان خۆشحاڵ بویمە، دایك و باوكێك هەیە، کە هەردەم هاوکارم بووینە و برایەکانیشم بە بەردەوامی ڕێگەی ڕاستیان نیشانداوم و ئەمەش بەرووبوومی کارەکانمە و هەوڵ دەدەم لێی بەردەوام بم، چونکە هەڵبژاردەی ئۆرگوای نەگەیشتە لووتکەی خەڵاتەکان و خۆشحاڵم بە خەڵات و گۆڵەکانم، بەڵام بەرامبەر ئەمەش نیگەرانم، کە ئێمە یەکێك نەبووین لە یاری کۆتایی و دۆڕاندنمان لە چوارگۆشەی زێڕین ئەمە شکستێکی گەورە بوو.

*** بێگومان حەز دەکەی بە زووترین کات خەڵاتەکەت وەربگری؟**

- کاتم نییە ئێستا باس لەو مەسەلەیە بکەم و ئەوەی من بۆی بچم خەڵاتە لە شاری زیورخ وەردەگرم و حەزیش دەکەم بە خەڵاتەوە بگەڕێمەوە ئۆرگوای و گەشتێکی جوان و قەشەنگ دەبێت.

*** وای بۆ دەچووی، کە ئیسپانیا ئەم نازناوە بباتەوە؟**

- بێگومان ئیسپانیا بەدرێژایی پاڵەوانێتیەکە ئاستێکی بەرزی نیشاندا و توانی پەند و وانە لە دۆڕانی یەکەم بەرامبەر سویسرا وەربگرێ و بە بەردەوامی شای یاریگا بوو، ئەم هەلە دەقۆزمەوە و لێرەوە پیرۆزبایی لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا و دەستەی هاندەرانی دەکەم و هیوادارم لە داهاتوو جامەکە لە بەرژوەندی ئێمە دابێ.



## محەمەد حەمەخان کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان

# لەیانەی هەولێر ڕاهێنەر منی کردە قوربانی یاریزانە عەرەبەکان

**لەدایکبووی ســاڵی ١٩٨٠ی شاری هەولێرە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر، پێشتریش لە یانەکانی بروسك و هەولێر و پێرس و زاخۆ و کەرکوك یاری کردووە، خاوەن ئاســتێکی بەرزە لە هێڵی بەرگری، ئەمســاڵیش لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردســتان لە پاڵەوانیەتی ڤیفا بەشداری کرد، بۆ ماوەی سێ ســاڵە کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان و یانەی بروسکە، لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق یاری دەکات. ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی ئەمساڵی خولی عێراق چۆن بوو؟**

- ئەم خولە ساڵ بە ســاڵ بەهێزتر دەبێت، بەڵام ئەمســاڵ بەهۆی ناکۆکی نێوان هەردوو لیژنەی ئۆلۆمپــی عێراقی و یەکێتی تۆپی پێی خولەکە شپرزەیی پێوە دیار بوو.

*** بۆچی ئەمساڵ یانەی بروسکت جێهێشت لە خولی کوردستان؟**

- لە راســتییدا دووساڵ لەسەر یەك بووینە پاڵەوانــی خولی کوردســتان، بەداخەوە هیچ بەرپرســێك ئاوڕی لە یانەکە نەداوە و پاداشــتی نەکردین، تا بەخۆمان بڵێن شــایەنی ئەم نازناوە بووین، ئێستا زیاتر پشــتگیری لە خولی عێراق دەکەن، بۆیە بڕیارمدا لە خولی عێراق یاری بکەم و پاشەڕۆژی خۆم جێگیر بکەم.

*** چۆن لە یانەی پێرس راســتەوخۆ چوویتە ریزی یانەی زاخۆ؟**

- بەهۆی ئەو بڕیارەی یانەی پێرس لەناکاو دەریکرد و پاشەکشەی کرد لە خولەکە لــە دوای قۆناغی یەکەم، یانەی زاخۆش ئەگەری دابەزینی هەبوو بــۆ پلە یەکــی عێراق، دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ داوای شەش یاریزانی پێرسی کرد، منیش یەکێك بووم لەو یاریزانانە، سوپاس بۆخوا سەرکەوتوو بووین.

*** وەکــو کاپتنــی هەڵبــژاردەی کوردستان بۆچی ئەمساڵ نەتانتوانی جامی ڤیفا بهێننەوە کوردستان؟**

- لە دەســتپێکی ڤیفا تا کۆتایی بەهێز یاریمان کــرد، بەڵام خۆتــان بینیتان لە یاری کۆتایی ناوبژیوان چەند هەڵەیەکی کوشــندەی کرد، بۆیە نەمانتوانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنین.

*** تۆ لە یانەکانی شاری دهۆك یاری دەکەی باشتر نییە بێیتەوە یانەی هەولێر بۆ ئەوشارە یاری بکەی؟**

- بێگومان باشــتر بوو لە یانەی هەولێر یاریمان بکردابایە، بەڵام بەهۆی راهێنــەرەوە نەمتوانی لە یانــەی هەولێر یاری بکەم، بۆیە بڕیارمدا بچمە یانەی پێرســی شــاری دهۆك یاری بکەم زۆر ئاسودە بووم لەو یانەیــە، چونکە یاریم دەکرد.





***راستە ژمارەیەك بۆندت بۆ هاتبوو لە یانەکانی کوردستان لەم وەرزە؟**

- بەڵــێ، من و هەردی سیامەند بۆندی زۆرمان بۆ هات چەندین یانە پەیوەندیان بە ئێمە کرد، بەڵام ئێمە بەڵێنمان بە هیچ یانەیەك نەداوە.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە ســاڵی داهاتــوو بە یەکجــاری دەگەڕێیتەوە یانەی بروسك؟**

- بەڵــی، بڕیــارم داوە بگەڕێمــەوە ماڵی دووەمی خــۆم، کــە ئەمســاڵ جێمهێشــتبوو، هەســتم کرد یانەکەم پێویستی بەمنە، بۆیە بڕیارمــداوە مــن و هەردی ســیامەند بــە یەکجاری بگەڕێینــەوە یانــەی بروســکی ماڵــی دووەممان.

***زۆر دەنگــۆ هەیــە دەڵێــن تیپە بەشــداربووەکانی جامــی ڤیفــا وەکو تیپی میلليی وابوون، ئایا تا چەند ئەم قسانە راستن؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە تیپەکان زۆر بەهێز بوون، چونکە ئەم پاڵەوانیەتیە لەسەر ئاستی جیهانییە، ســاڵی ٢٠١٢ بەچاوی خۆتان ئەم راســتیە لە کوردستان دەبینن.

*** تۆ لە ساڵانی رابردوو لە دوو خول بەشداربووی کوردستان و عێراق کامیان بەهێزترە؟**

- هــەر خولە و تاموچێژێکــی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر زیاتر گرنگی بە خولی کوردستان بدەن، خۆشــترە لە خولی عێراق، چونکە خولی عێراق بەرنامەیەکی تایبەتی نییە، هەر رۆژەی بڕیارەکەکاتی دیاریکراوی نییە.

*** بەبۆچوونی تۆ باشــترین یانە لە عێراق کام یانەیە؟**

- تا ئێستا یانەی هەولێر باشترین یانەی عێراقە، سەربەرزم بەو یانە، چونکە یانەی شارەکەمە.

*** تۆ وەکــو یاریزانێکی هێڵــی بەرگری کام هێرشبەر هیلاکی کردووی؟**

- لەگــەڵ زۆربەی هێرشــبەرە بــە تواناکانی عێراقی یاریم کردووە، بەڵام هێرشــبەری یانەی بەغداد یاریزان عەلی مەنســور زۆر ماندووی کردووم، بایەخ بە هەموو هێرشبەرێکیش دەدەم.

*** بۆچی یانەی هەولێرت جێهێشت؟**

- لە هیچ کاتێك یانەی هەولێرم جێنەهێشــتووە، بەڵکو راهێنــەر منی کردە قوربانــی یاریزانی عەرەب، بڕوا ناکەم هیچ کەسێك یانەی شارەکەی خــۆی جێبهێڵێ، بەداخــەوە یانەیەکی دەرەوەی شارەکەم ســوودی لە تواناکانم بینی، بە قسەی راهێنەرێك نەتوانی خزمەتی شارەکەت بکەی.

*** ئەگــەر یانــەی هەولێــر داوات لێبــکات دەگەڕێیتەوە ریزی یانەکەت؟**

- لەو کات و ساتە رەنگە یانەی هەولێر پێویستی بەمن نەبێت، لەبەر ئەوەی یاریزانی عەرەب زۆرە، بەڵام رۆژێك دادێ ئــەو یاریزانانە دەگەڕێنەوە شــاری خۆیان و یانەی هەولێر پێویستی بەمن بێــت، ئامادەم یاری بۆ بکــەم، چونکە یانەی شــارەکەمە دەبێ هەمووومان خزمەتی شارەکەی خۆمان بکەین.


بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com

# هۆكاری دیاردەی ئاژاوە لە كوردستان بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

ماوەیەكە لە سەرتاسەری كوردستان دیاردەیەكی ترسناك سەری هەڵداوە، ئەویش دیاردەی توندوتیژییە لە زۆربەی یاریگاكان و هۆڵەكانی كوردستان ئەم دیاردەیە بە راشكاوانە بەرچاو دەكەوێت، دەبێت هۆكاری ئەم دیاردەیە بۆ چ بگەڕێتەوە، ئایا جەماوەری وەرزشی كوردستان تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە رۆشنبیرییەی كە لەكاتی دۆڕاندن بە دڵێكی فراوان قبوڵی بكات، یاخود یاریزانەكان تەنیا خەون بە بردنەوە دەبینن لەگەڵ هەر دۆڕاندنێك ئاژاوە دروست دەكەن، یان هەندێك لە ئەندامانی دەستەی كارگێڕی یانەكان یاخود یەكێتیە وەرزشییەكان خاوەن مێژوویەكی وەرزشی نینە، بۆیە لەگەڵ هەر شكستێك ئاژاوە دروست دەكەن و ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵاتانە بكەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ پاڵەوانیەتیەك لە كوردستان لە زۆربەی یارییەكان بەبێ شەڕ و ئاژاوە تەواو نابێت، ئەوەی جێگەی داخە یەكێتیە وەرزشییەكان لەكاتی سزادان ناتوانن بە توندی بەرامبەر ئەم دیاردەیە بوەستن، تەنیا چەند سزایەكی بچووكی ئەم كەسانە دەدەن، كە ئەم ئاژاوەیە دروست دەكەن. بۆیە دەبێت لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان بە زووترین كات چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە بدۆزێتەوە و لیژنەیەكی تایبەتی دابنێت بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە بكەن. ئێمەش بەڵێن بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەدەین لە ژمارەی داهاتوو راپۆرتێكی تێروتەسەل لەسەر ئەم دیاردەیە دەكەین بۆ ئەوەی بۆچوونی پسپۆرانی وەرزش و هاندەران وەربگرین تاكو چارەسەرێكی بۆ بدۆزینەوە.

# مێركل: دەبێ باشووری ئەفریقیا شانازی بەخۆیەوە بكات



جیهان ئەوەی لەبیرە كە راوێژكاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێركل بە بەردەوامی چاودێری ئاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بەجۆش و خرۆشەوە دەكرد، كە پێش چوار ساڵ لەمەوبەر میوانداری مۆندیالیان كرد، ئەمەو ئەمجارەش مێركل وادەكەی هێنایە جێ و ئامادەی گشت یارییەكانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بوو، ئەنجێلا مێركل لە وەڵامی چەند پرسیارێكدا دەڵێت.

سەرەتا لە شاشەی تەلەفزیۆن سەیری یارییەكانی مۆندیالم دەكرد و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا زۆر ئاست بەرز بوون، بەڵام كە خۆم چووم و ئامادەی یارییەكان بووم هەموو شتێكم بەچاوی خۆم بینی، بۆیە دەڵێم باشووری ئەفریقیا دەبێت شانازی بەخۆی بكات، بە سەرۆك زومام وت: بەڵێ ئێوە كارێكی زۆر رێكوپێكتان كردووە، بۆیە خەڵك هەموو رێزتان لێدەگرن و ئەمەش سەركەوتنێكی مەزنە بۆ گەلی باشووری ئەفریقیا، بۆیە بۆچوونەكانمان گۆڕانكارییەكی تەواوی بەسەر داهات سەبارەت بە وڵاتەكەتان.

سەبارەت بە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا مێركل دەڵێت: هەڵبژاردەكەمان ئاستێكی بەرزی پێشكەش كرد، لای هەموومان ئاشكرا بوو، كە ئەم تیپە لاوە و بەشداری نەكردنی میكایل بالاك كاریگەرییەكی وای نەبوو لەسەر هەڵبژاردەكە و هیوادارام ئەم تیپە لە ئاستە بەرزەكانی بەردەوام بێت.

# ڤۆڤۆزێلا لە یاریگاكانی ئینگڵتەرە قەدەغەیە


دوای ئەوەی ڤۆڤۆزیلا ناوبانگێكی زۆری بۆ خۆی دروست كرد، لەكاتی بەڕێوەچوونی یارییەكانی جامی جیهانی ٢٠١٠، ڤۆڤۆزیلا ئێستا لە زۆربەی یاریگا جیاجیاكانی جیهان بڵاوبۆتەوە، بەڵام یانەی ئەرسنال بە فەرمی رایگەیاند، كە بەهیچ شێوەیەك رێگا نادات ڤۆڤۆزیلا بێتە



نێو یاریگەی (ئیمارات) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاكو جەماوەر تام و چێژ لە یارییەكان وەربگرن و زیاتر بیرو هۆشیان لەسەر یارییەكە بێت، نەوەك ڤۆڤۆزێلا. یانەی ئەرسنال دەبێتە دووەم یانە لە ئینگڵتەرە دوای یانەی تۆتنهام هۆتسبێر، كە رێگا بە ڤۆڤۆزێلا نادات بێتە نێو یاریگاكان.

# گرنگترین گواستنەوەی یاریـــ

**دوای کۆتایـــی هاتنی مۆندیـــال-ی ٢٠١٠، کە لە وڵاتی باشـــووری ئەفریقیا بەڕێوەچوو، گشت یانەکانی جیهان هەوڵ دەدەن ریزەکانی خۆیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی بە باشـــترین شێوە خۆیان بۆ خولەکان ئامادە بکەن، ئەمەش گرنگترین بۆندەکانی ئەم وەرزەیە.**



## خولی ئیسپانیا

١- داڤید ڤیا لە یانەی ڤالنســیا چووە یانەی بەرشـلۆنە بە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ.

٢- ئەنخیـــل دی ماریا لە یانەی بەنفیکا چووە یانەی ریـــال مەدرید بە بڕی ٢٥ ملیۆن یۆرۆ.

٣- ئیســپانی پیدرۆ لیۆن لـــە خیتافی چووە یانەی ریال مەدرید بە بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆ.

٤- بەرازیلی ئەندریا کۆریا لە یانەی ئیشبیلیە چووە یانەی بەرشلۆنە بە بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆ.

٥- بەرازیلـــی فلیپی لویس لە یانـــەی دیڤەرتیڤۆ لاکرۆنیا چووە یانـــەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە بڕی ١٢ ملیۆن یۆرۆ.

٦- ئۆرگوای سبیســـتیان ئیگۆرین لە یانەی ئەیك سالۆنیك سوید چووە یانەی سپۆرتینگ خیخۆن.

٧- یانەی ڤالنســـیا بۆندی لەگەڵ تینۆ کۆستا مۆرکرد.

## خولی ئینگلیزی

١- جۆ کۆڵ لە یانەی چێلسی بەخۆڕایی چووە یانەی لیڤەرپوول.

٢- داڤید ســـیلڤا لە یانەی ڤالنسیا چووە یانەی مانچستەر سیتی بە بڕی ٢٨ ملیۆن یۆرۆ.

٣- یایا تۆریی لە یانەی بەرشلۆنە چووە یانەی مانچستەر سیتی بە بڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ.

٤- مەکســـیکی خافێـــر هێرناندێز لە یانەی گوادالاخـــار چووە یانەی مانچستەر یۆنایتد بە بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆ.

٥- ئەڵمانـــی جیرۆم بواتینـــگ لە یانەی هامبـــۆرگ چووە یانەی مانچستەر سیتی بە بڕی ١٢,٥ ملیۆن یۆرۆ.

٦- ســـڕبی میلان یۆڤانتۆڤچی لە ستاندەر لیاج بەلجیکی چووە یانەی لیڤەرپوول بەخۆڕایی.

٧- بولگاری مارتن بیترۆڤ لە یانەی مانچســـتەر سیتی چووە یانەی بۆڵتن بەخۆڕایی.

٨- ئیســـرائیل یوسی بن ئیون لە یانەی لیڤەرپوول چووە یانەی چێڵسی بە بڕی ٧ ملیۆن یۆرۆ.

٩- سڕبی نیکۆلاس زیگیچ لە ڤاڵنسیا چووە یانەی بێرمنگهام بە بڕی ٧ ملیۆن یۆرۆ.

١٠- فەرەنسی لاورین کۆسکیلینی لە یانەی لۆریان چووە یانەی ئەرسناڵ بە بڕی ١٢,٥ ملیۆن یۆرۆ.

١١- گۆڵچی عومانی عەلی حەبســـی لـــە یانەی بۆڵتۆن چووە یانەی ویگان.

١٢- مەکسیك پابلۆ بارێرا لە یانەی باماس چووە یانەی وێستهام.

## خولی ئیتاڵیا

١- لۆکاتۆنـــی لە یانەی بایرەن میونیخ چـــووە یانەی جەنەوا ئیتاڵیا بە خۆڕایی.

٢- گۆڵچـــی پورتوگال ئیدواردۆ کارڤالۆ لە یانەی ســـپۆرتینگ براخا چووە یانەی جەنەوا بە بڕی ٤,٥ ملیۆن یۆرۆ.

٣- ئیتاڵی لیۆناردۆ بونیســـی لە یانەی باری چووە یانەی یۆڤانتس بە بڕی ١٥,٥ ملیۆن یۆرۆ.

٤- پۆڵەندی گۆڵچی ئارتەر بۆرۆك لە ســـێلتیك چووە یانەی ڤیرۆنتینا بە بڕی ٣,٦ ملیۆن یۆرۆ.

٥- ئیتاڵی ئەندریا رانۆکیا لە یانەی جەنەوا چووە یانەی ئەنتەر میلان.

٦- یۆنانی سگراتیس باباستاســـۆبۆلۆس لە یانەی جەنەوا چووە یانەی ئەی سی میلان بە بڕی ١,٢ ملیۆن یۆرۆ.

٧- ریکاردۆ کارڤالۆ چووە یانەی جەنەوا.

٨- ئەرژەنتینی گابریل بالیتا لە یانەی بۆکا جۆنیۆر چووە یانەی پارما.

٩- بەرازیلی ئەدریانۆ لە خولی بەرازیل چووە یانەی رۆما.

## خولی ئەمریکا

١- تێـــری هێنری لە یانەی بەرشـــلۆنە بەخۆڕایی چووە یانەی رید بۆڵ ئەمریکا.

٢- ڤنزویلـــی جیانکارلۆ ماڵدۆنـــادۆ لە






ئا: ڕێبین ڕەمزی

## ـــزانەكان لە وەرزی ئەمساڵدا

یانەی ئەتلنتا مەكسیك چووە یانەی شیفاز ئەمریكی.
٣- ئیسپانی میستا لە یانەی دیڤەرتیڤۆ لاكۆرنیا چووە یانەی تۆرنتۆ.

**خولی توركیا**

١- ئەڵمانی رۆبێرتۆ هێلبێرتی لە یانەی شتۆتگارد چووە یانەی بێشكتاش بەخۆڕایی.
٢- پورتوگالی ریـــكاردۆ كواریزما لە یانەی ئەنتەر میلان چووە یانەی بێشكتاش بە بڕی ٧،٣ ملیۆن یۆرۆ.

**خولی یۆنان**

١- دانماركـــی دینیـــس رۆمیـــدال لە یانـــەی ئەیاكس چـــووە یانەی ئۆلۆمپیاكۆس بە خۆڕایی.
٢- فەرەنســـی سیدنی گۆڤۆ لە یانەی لیۆن چووە یانەی ئۆلۆمپیاكۆس بەخۆڕایی.
٣- ســـینگالی بۆبا بابا دیوب لە خولی فەرەنســـا چـــووە یانەی ئەیك ئەسینا.
٤- ئەرژەنتینـــی ئەرییـــل ئیباگازا لە خولی ئیســـپانیا چـــووە یانەی ئۆلۆمپیاكۆس.

**خولی هۆڵەندە**

١- نەمســـاوی مارك یانكۆ لە یانەی ســـالزبۆرگ ریدبۆل چووە یانەی تڤێنتی بە بڕی ٦،٥ ملیۆن یۆرۆ.

**خولی ئۆكرانیا**

١- كرواتی ئیدواردۆ دا ســـێلڤا لە یانەی ئەرسنال چووە یانەی شاختار دۆنتسێك بە بڕی ٧ ملیۆن یۆرۆ.
٢- ئۆكرانی دیمتری تشرۆنیســـكی لە یانەی بەرشـــلۆنە چووە یانەی شاختار دۆنتسیك.
٣- بەرازیلـــی والتر لە یانەی پۆرتۆ ئەلیگـــری بەرازیلی چووە یانەی شاختار دۆنتسیك.

**خولی ئەڵمانیا**

١- ئەڵمانی هیكۆ ویسترمان لە یانەی شاڵكە چووە یانەی هامبۆرگ.
٢- ژاپۆنی ئەتســـۆتۆ یۆشـــیدا لە یانەی كاشـــیما ئەنتلرز چووە یانەی شاڵكە.



٣- دانماركی سیمۆن كبیر لە یانەی پالیرمۆ چووە یانەی ڤۆلسڤۆرگ.
٤- كۆریا باشوور جۆن تای سی لە خولی ژاپۆنی چووە یانەی بۆخۆم.
٥- پیـــرۆ كارلۆس زامبرانۆ لە یانەی شـــاڵكە چووە یانەی سانت پاولی.

**خولی ئیمارات**

١- ئیتاڵی فابیـــۆ كاناڤارۆ لە یانەی یۆڤنتۆس چووە یانەی ئەهلی ئیماراتی.
٢- ئیسپانی فرانشیســـكۆ بیسیتی لە یانەی ئەتلەتیكۆ بلباو چووە یانەی وصل.

**خولی قەتەر**

١- ســـاحل ئەلعاج عەبدولقادر كیتا لە یانەی گەلاتە سەرای چووە یانەی سەد.
٢- جەزائیری نزیر بلحاج لە یانەی بۆرتسمۆس چووە یانەی سەد.
٣- جەزائیری یزید مەنسوری چووە یانەی سیلیە.
٤- ســـاحل ئەلعاج ئەرونا دندان چووە یانەی لخویا.
٥- ساحل ئەلعاج باكاری كۆنی لە یانەی مەرسلیا چووە یانەی لخویا.
٦- بەرازیلی بۆردون لە یانەی شـــاڵكە چووە یانەی رەیان.
٧- مالـــی مامادۆ دیاكیتی لە یانەی مۆســـكۆرن بەلژیكی چووە یانەی ئەهلی قەتەری.
٨- هۆڵەنـــدی میلكۆت لە یانەی ویگان چووە یانەی ئوم صلال.
٩- ئیســـپانی گابری لە یانـــەی ئەیاكس چووە یانەی ئوم صلال.

**خولی رووسیا**

١- نێجیری مارتینیز لە یانەی ڤۆلسڤۆرگ چووە یانەی رۆبن كازان رووسیا.

